ژماره ٦



# ژن لە گێژاوی ڕەشەکوژیدا



کوێستان عومەر زادە

کۆمەڵێك شت بەبێ ئەوەی ویستی کۆمەڵگە یاخود تاکی ناو کۆمەڵگە بێت جێگای خۆی دەکاتەوەو لەنێو دێرەکانی فەرهەنگو کلتووردا ئاوپرژێنی یاساکانی خۆی دەکات. ژن و کەوتنە نێو گێژاوی ڕەشەکوژی ئاشکرایە، بۆیە دیاردەیەکی گەلێك باو لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەهەمانکاتدا بۆتە قبوڵکردن بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات. ڕۆژانە چەندان ژن دەبنە قوربانی مرۆڤە نەخۆشەکانی ناو کۆمەڵگەو کۆتایی بەژیانیان دێت، یاخود باشترە بڵێین کۆتایی بەژیانیان دەهێنن. دەشێ زۆرجار بە دەستی ژنان خۆیان ئەو کارەساتە ئەنجامبدرێت، بەڵام بێگومان ئەوەش هەر لەئەنجامی ئەو کلتوورە سەقەتەی باڵادەستە یاخود ئەو سنوورو پرەنسیپە ئەخلاقییانە لەخۆدەگرێت کە لەئەنجامی فشاری فکری و ڕۆحی و تیرۆری شەخسییەتەوە وای لێدێت کە تەسلیم بێت خاڵێك بۆ کۆتایی ژیانی دابنێت، هەرچەندە دانانی ئەو خاڵە کە لەئەنجامی تەحەددای شەخسییەت، سێکسی، ماددی، سیاسی و ئازاردانی جەستەیی کە لەلایەن ماڵو کۆمەڵگەو دەسەڵاتەوە دەکرێتە سەری تەسلیم بەو حاڵەتە دەبێت. ناتوانێت هۆکارێك بێت بۆ بە ئاگابوونەوەی مرۆڤی ناتەندروست و بیری دواکەوتووانەی ناو کۆمەڵ، بەڵکو زۆرشت لەنهێنیدا دەهێڵێتەوە، دیارە کوشتنو ڕەشەکوژی ژنان بەبیانووی پاراستنی ناموس یان هەر بیانوویەکیتر هەر تەنیا لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتوو و کۆنەپەرستەکاندا نییە، بەڵکو ڕەشەکوژی ژنان لەوڵاتانی پێشکەوتووی وەك ئەورووپا و ئەمریکاش هەیە، دیارە ڕێژەی ڕوودانی ئەو کوشتنانە لەوڵاتانی جیاواز پەیوەندی هەیە بە ئاستی ڕۆشنبیریی و مافزانی و یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکان.

باڵادەستی یاساو سزادانی تاوانباران بەراددەی یەکەم ئەو کەسانەی کەهەڵدەستێت بەئەنجامدانی تاوانێك کە دوورە لە هەموو بەها ئەخلاقیو مرۆڤایەتییەکان بە ڕەوشتێکی زۆر دواکەوتووانە دەڕوانێتە ژن، هەموو بوونیەتی ژن لەجامی شەرەفو ناموسدا کۆدەکاتەوە، بەراددەی دووەم ئەوە فۆرماتێکە کە دووان و بیرکردنەوەی دەسەڵاتە هەیەتی، چونکە هەر ئەندازە میکانیزمی لەبارو گونجاو هەبێت دەتوانێت کۆمەڵگەو یاساو تاکی ناو کۆمەڵگە بگۆڕێت، کوشتنی دوعای کچە ئێزیدی و ئامینەو شەوبۆی موسڵمان، تازەنین بۆمان، ڕۆژانە چەندان تاوانی هاوشێوەی ئەوان خەون و حەزی ژنانی وڵاتی بێ هەتاوی ئێمە دەخنکێن، بەڵام پرسیار بۆچیو لەبەرچی؟ ئەو کۆمەڵگەیەی کە لاف دیموکراسی لێدەداتو نموونەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە) خۆزگە وابوایە، بەڵام بەداخەوە سەردانی ئەم دواییەی سەرۆکی حکومەت کە دەبوایە (خەڵاتی نموونەی ئازادیی و دیموکراسی) وەرگرێت دەیان پرسیار لەسەر ڕەشەکوژی ژنان و کوشتنی دوعا.. هتدی لێکرا کە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش ئاسان نییە، تۆ بڵێی بۆ کۆمەڵگەیەك کە چەتری دیموکراسی دەخوازێت و هیواخوازی ئازادییە، تیرۆرکردنی ژنان یان ڕەشەکوژی ژنان بووبێتە ئامانجێکی گرنگ لەنێو بیری دواکەوتووانەی مرۆڤە نەخۆشەکان و ناڕۆشنبیرەکان کەتاکو ئێستا چەندین ژن تیرۆرکراون یاخود کوژراون ئەو کۆمەڵگەیە جگە لەسیمای شەرم



ناگرێتچیپێدەهێنێت.

ئایا ئەوانەی دەستیان بەخوێنی ئەوان سووربووە لە کام دادگادا سزا دراون؟ دیارە رەشەکوژی ژنان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تازەنییە لەگەڵ ئەوەشدا بۆمان ئاسایی نابێتەوە ئەگەر رۆژی دەیان و سەدان ژن تیرۆر بکرێت لەگەڵ ناوی هەرکام لەوانە راچڵەکانێك داماندەگرێت، کوشتنی ژنان و شێوەی کوشتنەکە بەشێوە درندانە جێگای سەرنج و تێرامانە بۆ هەر مرۆڤێکی مرۆڤ دۆست، رەشەکوژی ژنان شەرمە لەهەمانکاتدا نەنگیشە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە بە بەردبارانکردن و رەشەکوژی ژنان ناوزەدەکرێت.

ئاشکرایە ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئاسیا بەتایبەتی وەکو ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، هیندستان و باقی وڵاتانی دەوروبەر زۆر بەرچاوە، بێگومان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمیش ئەم دیاردەیە هەیە، بەڵام بەرێژەیەکی جیاواز بەشێك لەو رێژانەی کە لەخوارەوەیە لەکتێبی هاوارێك لەکوردستانەوە وەرمگرتووە لەساڵی ١٩٩٤ تاساڵی ١٩٩٨، (١٤٠) ژن لەکوردستان تیرۆرکراون کە لەو کتێبەدا ئاماژە بەناو و تایبەتمەندێتیو هەتاشێوەیکوشتنیشیانکراوە.

(٦٠) ژن هەر لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا بۆ خۆیان خۆیان کوشتووە، رۆژی ٨ی مارس کە رۆژی نێونەتەوەیی ژنانە لەوڵاتی ئێمەدا ژن بۆتە قوربانی، هەمین وسو ئیبراهیم کە لە ١٩٩٨/٣/٨ کوژراوە، لەلایەکی ترەوە( تاوانباران) هەموو ئەو هۆکارانەی کەدەبنە هۆی کوشتنی ژنان بۆ مەسەلەی ناموس و شەرەفی بنەماڵەی دەگێڕنەوە، هەر ژنێك لەسنووری عەشیرەت یان خێڵ و تایەفە دەرچێت دەکەوێتە بەر ئەو شاڵاوە درندانەیە، دیارە ئەم رەشەکوژییە نەتەنیا ریسواکردنی ئەو کلتوورەیە کەئەو کۆمەڵگەیە بەرێوەدەبات، بەڵکو بێڕێزیە بەهەموو ئینسانەکانیش، کاتێك ئێمە بەراوردی رەشەکوژی ژنان دەکەین، کۆمەڵێك وڵات ئیشارە پێدەکەین، بۆ نموونە وڵاتی نەرویج کە لەساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٠، (٣٧) ژن تیرۆرکراون، بەشێکی زۆر لەو ژنانە پەنابەربوون، هەرچەندە گومان لەوەدانییە کەرێژەی زیاتر لەوە ژنان بوونە قوربانی ئەو کلتوورە دواکەوتووەی کەبۆتە بناغەی یاساو قانوون. بەپێی ئامارێك کە هەیە لە INDJAK ساڵانە ٥٠٠٠٠ ژن دەسووتێنرێن بەهەمان شێوە لەپاکسانیش کە لەوێ ژن نەتەنها دەسووتێنرێن، بەڵکو دەکوژرێن یان بەچەقۆ لێیاندەدرێت. گومان لەوەدانییە ئەگەر یاسا لەو وڵاتانەدا هەبێت و سزا بۆ هەموو ئەو بکوژ و تاوانبارانە دابندرێت چۆن ئەم هەموو تاوانە ئەنجامدەدرێت و چۆن بەرەو کەمی ناچێت، من پێموایە دەستدرێژیکردنە سەر ژنان شکاندنی سنوورەکانی ئازادیی ئینسانەو لەهەرکوێیەك بێت دەبێت پێشی پێبگیرێت. بەرای من دامەزراندنی ئۆرگانێکی دەسەڵاتدار بۆ هەر ناوچەیەك کەتایبەت بێت بەتاوانکارییەکان دژ بەژنان بەهەموو جۆرەکانییەوە تاوانباران راپێچی دادگا بکرێنو هەوڵبدرێت ئەو دیاردەیە ریشەکێشبکرێت.

